# چۆن دڵی هاوسەرەکەت ڕازی دەکەیت ؟

[ كردي – کوردی – kurdish ]

ئامادەکردنی : سایە فارس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ( كيف تُرضي قلب زوجتك ؟ )

« باللغة الكوردية »

إعداد : ساية فارس

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# چۆن دڵی هاوسەرەکەت رازی دەکەیت ؟

١- چەند پرسیارێکی دیاریکراوی لێ بپرسە دەربارەی ئەوەی لەو رۆژەدا روویداوە بە وردی.
٢ - کاتێ پرسیاری لێ دەکەیت خۆت رابهێنە لەسەر ئەوەی کە بە تەرکیزەوە سەیری بکەیتو گوێی بۆ بگرە.
٣- کێشەکانی بە بێزاری وەرمەگرە، بە ڵکو بەسۆزەوە لێی وەرگرە.
٤- بەلایەنی کەمەوە لە هەر سێ کاتژمێردا، (٢٠) خولەک کاتی خۆتی پێ ببەخشە.
٥- لەجەژنو بۆنەکاندا گوڵی پێشکەش بکە.
٦- ستایشی شێوەو رووکەشو نمایشەکانی بکە.
٧- کاتێک دڵی تەنگە هەستی رابگرە.
٨- کاتێک لە کاتی خۆت دوادەکەوی پەیوەندی پێوە بکەو هۆی دواکەوتنەکەتی پێ رابگەیەنە.
٩- ئەگەر لە مەسەلەیەک دا داوای یارمەتی لێکردی بە بەڵێ یان بە نەخێر وەڵامی بدەرەوە، نەک بە شێوەیەک کەوا دەربخەیت هەڵەی کردووە.
١٠- کاتێک هەستی بریندار دەکەیت، داوای لێبووردنی لێ بکەو بەسۆزەوەو بە هێمنی لەگەڵی بجوولێرەوە بێ هیچ لێکدانەوەو چارەسەر.
مەبەست درێژە نەدان بە بابەتەکەو دووبارە باس کردنەوەی.
١١- ئەگەر ئارەزووی ئەوەت کرد کە بە تەنها بیت پێی رابگەیەنە کە پێویستت بە وە هەیە کە بەتەنها بیتو بیر لەو کاروبارەی پەیوەندی بە کارەکەتەوە هەیە دەکەیتەوە.
١٢- کاتێک گفتوگۆت لەگەڵ دا دەکات سەیری بکەو هەموو ئاگایەکی خۆت بخەرە گەڕ بۆی، ئەو رۆژنامە یان گۆڤارەی بەدەستتەوەیە دایبنێو دەنگی تی ڤی یەکەت کەم بکەرەوە.
١٣- کاتێک دەچیتە دەرەوە لێی بپرسە چ شتێکت پێویستە.
١٤- کاتێک هیلاک دەبیت پێی بڵێ دەمەوێت کەمێک بنوم تا بحەسێمەوە.

١٥- كاتێک لەسەر کار دەبیت پەیوەندی پێوە بکەو دڵنیایی خۆتی بۆ دەرببڕە.

١٦- بە لایەنی کەمەوە رۆژی دووجار یان زیاتر پێی بڵێ خۆشم دەوێیت.

١٧- دەرەوەو ناوەوەی ئۆتۆمبیلەکەت خاوێن بکەرەوە کاتێ لە گەڵیدا دەچیتە دەرەوە.

١٨- ئەو بۆنە بەکاربهێنە کە ئەو حەزی لێ دەکات، پاکوخاوێن بە کاتێک لەگەڵ ئەو دا دەبیت.

١٩- وای لێ بکە کە هەست بە خۆشەویستییەکی گەورە بکات.

٢٠- دەستی بگرە بەسۆزەوەو ئارام بە لەگەڵیدا.

٢١- کاتێ دەچنە دەرەوە ئارەزووی لە چ جۆرە شەربەتێک هەیە پێشکەشی بکە.

٢٢- ئەو چێشتخانەیەی بۆی دەچن تۆ دیاری بکەو ئەو بەرپرسیارییەتیە مەخەرە ئەستۆی ئەو.

٢٣- لە بۆنەکاندا کە دەچنە دەرەوە بە جوانترین شێوە خۆتان بگۆڕن.

٢٤- کاتێ لەگەڵ کەسانی تردان گرنگی پێ بدەو با یەکەمین بێت لە چاو ئەوانی تردا بە نیسبەت تۆوە.

٢٥- با وێنەکەی خۆی لە نێو جزدانەکەتدا ببینێت.

٢٦- لە بۆنە تایبەتییەکاندا وشەی خۆشەویستی بۆ بنووسە.

٢٧- ئۆتۆمبیلەکەت بە شێوەیەک لێ بخوڕە کە ئەو پێی خۆشەو خێرایت کەم بکەرەوەو هەمیشە پێش ئەوەی سەربکەوێت دەرگای ئۆتۆمبیلەکەی بۆ بکەرەوە.

٢٨- ئەگەر چێشتی ئامادەکرد ستایشی بکەو رەخنەی لێ مەگرە.

٢٩- چاودێری هەستەکانی بکەو هەمیشە لێی بپرسە ئایا خۆشی دەوێیت؟

٣٠- ئەگەر نوکتەی بۆ گێڕایەوە پێ بکەنە.

٣١- کاتێک شتێکت بۆ ئامادە دەکات سوپاسی بکەو دەست خۆشی لێ بکە.

٣٢- کاتێک لە کەشێکی خۆش دا دانیشتوونو گفتوگۆ دەکەن ئەگەر تەلەفۆنت بۆ کرا هەوڵ بدە وەڵام نەدەیتەوە.

٣٣- زۆر جار بە پیاسەکردن بچنەدەرەوەو چونکە خۆشەویستی تازە دەکاتەوەو پێی بڵێ کاتێک لێت دووربم بیرت دەکەم.

٣٤- بیکەرە دڵخۆشترین مرۆڤی ئەم دنیایە، چونکە کاتێک هەست بەم سۆزو خۆشەویستیو دڵسۆزییە دەکات ئەویش تۆ دەکاتە بەختەوەرترین دروستکراوی ئەم سەر زەمینە.